# تەماشاکردنێکی سەرپێی

# زاری سۆرانی و زاری هەورامی

محەمەد ئەمین هەورامانی

لە پێش ئەوەی بڕۆمە ناخی باسەکەوە ، دەمەوێ دەربخەم ، کە ئەوەی پاڵی بە منەوە نا بۆ دوان لەم جۆرە باسانە (واتـا تەماشاکردنێکی بەراورد رەنگی زاری سۆرانی و زاری هەورامی) هەندێ تەبائێلی (اقاویل) رۆژهەڵاتناسەکان بـو ، کە گوایا وا داویانەتە قەڵەم کە زاری هەورامی و کوردی یەك زمان نین ، هەروەها زاری هەورامی پاشماوەی زمانێکی فارسی کۆنە .

بێگومان ئەم جۆرە بڕوپاگانتانە لەسەر بەڵگە و رێ و شوێنێکی راست و بڕوا پێکراو نەبوە و ناشبێ . ئەم جۆرە رایانە ، بەلای منەوە رای حەماشانیە (واتا بەبێ ئەوەی بەر پێی خۆی ببینێ هەنگاو دەنێ) .

زانای هەر جۆرە زانستێك ، هیچ جۆرە شتێك بەلاو ناکاتەوە ، تاوەکو لەسەر رێ و شوێنێکی رۆناك و بەڵگەی بڕوا

پێکراوی پتەو نەبێ . ئەگەر هاتو ( بۆ نموونە ) وتی زاری کرمانجی ژوورو ( بادینان ) و زاری گۆرانی ( ناوچەی سولەیمانی ) یەك زمان نین ، شتی وای بەدەستەوە هەیە ، کە کەس نەتوانێ بالادەستی بوەستێ و هیچ جۆرە مژێکیشی ای بخواتەوە ، بێگومان ئەو شتانەش وەکو ( بەڵگەی مێژوویی و زمانی ـ لەروی پاسای دەنگییەوە ، وشە و قەوارەی وشە و واتایەوە ـ دروستکردن و داتاشینی وشەی هەمە جۆر لە ئەرکدا لە وشەی تریش ـ مۆرفۆلۆژی ـ وە بنیاتنانی ( رستە و قەوارەی رستە بەپێی ئەرك و واتا ـ سینتاکس ) مێژوویەکی نەبچڕاو بارا و بە بەڵگەی راست و رەسەن ـ تاوەکو بی بنەڕەت .

من بەش بە حاڵی خۆم ، پیاوەتی ئەو رۆژهەلاتناسانەم لەبیرناچێ ـ ئەگەر چیش شوێنی مەبەستی تایبەتی خۆیان کەوتون ـ کە بەرهەمێکی ئەوتۆیان بۆ ئێمە هێناوەتە دی کە بووە بە چرایەکی شۆڵەدار ، ئەگەر چی هەمو پانتایی رێگا کە رۆشن نەکاتەوە ، خۆ هەر گۆشەیەکی دەردەخات . ئەوەشمان لەبیر نەچێ ، کە نابێ یەکەر خۆمان تسلیمی نوسینەکەیان بکەین و چی یان وتوە ، بەلامانەوە وەك ئایەتی قورئان بێ ، چونکە ئەو رۆژهەلاتناسەی کە لە دەرەوە هاتوە ، بۆنموونە بۆ ئەوەی لە زارێ لە زارە کوردیەکان ، یاخود لە زمانی کوردی بکۆڵێتەوە ، ئەگەر بیەوێ زوربەی ئەو شتانە کە دەینوسێ راستبن ، پێویستی بە فێر بونی زمانەکە ، یا

زارەکە هەیە ، بە جۆرێك کە بەبێ ئەوەی بیر لە شتێ بکاتەوە بتوانێ یاری بەو زمانە ، یا بەو زارە بکات ، هەروەك چۆن بە هی خۆی دەکات ، ئەمە جگە لەوەی کە پێویستی بە زمانناسێك ، یاخود بەلای کەمیەوە بە زمان بازێکی ئەو زارە هەیە ، کە بە سەرانسەری ئیشەکەی لەگەڵیا بێ و یارمەتی بدات ، چونکە هەندێ شتی شارراوەی زمان هەن بۆ زمانناس نەبێ دەرناکەون ، چونکە هەژەمەکی فێربوونی زمان ، وە بەتایبەتی بە گەورەیی دەبێتە هۆی هەڵەی رێزمانی زۆر . هەروەها پێویستی بە زمان زانێکی هەر دوو زمانەکە هەیە ، زمانی رۆژهەڵاتناسەکە و زارە کوردییەکە ، کە بێلایەن بێ و شارەزای زارەکانی زمانی کوردی بێ ، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێ وترا ؛ وەڵامی ( نەزانم ) نەبێ ، ئەویش ( رۆژهەڵاتناسەکەش ) هەمان وشە ( نەزانم ) ترانسلیترەیشن ( translitration ) بکات و بەناوی شوێنێك یاخود بە واتای وشەیەك بیداتە قەڵەم ، وە لێرەوە ، ئێمەش بڵێین فلان رۆژهەڵاتناس وای وتوە ، کە وا بۆ وایە . گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر ئەو رۆژهەڵاتناسە ، ئەگەر بەتەواوی زمان نەزانێ ئەو وەختە لێکۆڵینەوەکەی هەر زۆر کەمی بەلای راستیدا دەچێ .

جا لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە ، پێویستە هەر زمانناسێکی کوردی وردبێتەوە لەو شتانەی کە رۆژهەڵاتناسەکان دەربارەی زمانی کوردی و زارە کوردیەکانەوە ، وتویانە و نوسیویانە ، وە دەس

ڕانەکێشن بۆ شتێ تا بەتەواوی لێی دڵنیا نەبن .

بەم بۆنەیەوە ، وە بۆ ئەوەی کە دڵنیا بی لە بێ‌ڕۆنی تەباتیلی (أقاویل) ئەوانە ، وەرە وردبەرەوە لەم ڕایە کە لە لایەن هەندێ ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆژئاواییەوە لە کتێبی « تراث فارس »دا وتراوە :[1] « زمانی کوردی لقێکە لە زمانی فارسی » ، هەروەها مامۆستا پرۆفیسۆر د. مەکەنزی وتویەتی ، کە زاری هەورامی پاشماوەی زمانی فارسیی کۆنە ، وە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ زمانی کوردیدا نییە .

ئەم جۆرە ڕایانە ، مرۆڤ دەخەنە گومانەوە ، نەك تەنها بۆ ئەم تەباتیلانە ، بەڵکو بۆ هەموو نوسینەکانیان بە گشتی‌کراوی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ، کە هەرچییان وتوە و

(۱) کتێبی تراث فارس ـ بە نوسینی چەند ڕۆژهەڵاتناسێکەوە بە بەشداری کردنی (أ. ج. اربری ـ) وەرگێڕانی کۆمەڵێ مامۆستایانی کۆلیجی ئاداب ، زانستگای قاهرە ـ لاپەڕە ( ٢٥٤ ) . لە خشتەخانەیەکدا بەم جۆرەیە :

زمانە ئێرانییەکان بریتین :

١ ـ فارسی کۆن . ئاوێستی . میدی .

٢ ـ فارسی . پەرسی . خوارزمی . سەغدی . ختینی

٣ ـ فارسی : کوردی ، بلوجی ، ...... ......

لام وایە نوسەرەکان خۆیشیان نازانن ، کە چۆن ئەم زمانانەیان دابەش کردوە ! ! وە لەسەر چە بنچینەیێ ؟

نوسیوە وا نییە ، نەخێر شتی راست ، وەختێ راست دیارە کە پاراو بێ بە بەڵگەی بڕوا پێکراوەوە ، وە ناڕاستیش بە دەم راستی بە سەردا ناچەسپێ ، ئەگەر چی بۆ ماوەیەکی کورتیش وا بێ ، تا وەسەر نابێ !

گومان لەوەدا نییە ، کە زانا ، وە هەر کەسێ بە پێی پەرۆزی خۆی لە لقێکدا ، وە بە ئاسانی راستی و ناڕاستی لە یەك جیادەکاتەوە ، وە بەم بۆنەشەوە پێویستە سەرنجی خوێنەران راکێشین بۆ وتارەکانی مامۆستا پرۆفیسۆر مینۆرسکی و مامۆستا تەوفیق وەهبی وە هەندێ رۆژهەڵاتناس کە چۆن وە بەچەند چەکێکەوە بەرەنگاری ئەم جۆرە رایانە بوون وە چەند بەڵگەی بڕوا پێکراوی زۆر پەسەندیان داوە بە دەستەوە کە زمانی کوردی لە زمانی فارسی نییە ، بەڵکو زمانێکی ئێرانی زۆر کۆنە کە پێی دەوترا ( زمانی ئاوێستی ـ ئەنجا زمانی میدی ) [٢] .

---

(٢) بڕوانە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی یەکەم ١٩٧٣ ، لاپەڕە ٥٥٤ ، « الاکراد احفاد للمدین » هی مامۆستا پرۆفیسۆر مینۆرسکی کە دەڵێت : تەنها دوو هۆزی بنەڕەتی ئێرانی هەن ، کە ئەوانیش میدی وفارسن ، نەقش و نووسی ئاشووریش باسی ئەوەی کردوە ( ٨٤٢ ـ ٨٣٦ ) پ. ز. هەروەها لە هەمان مەقالەدا ، دەڵێت : « ئەگەر میدیەکان وفارسەکان برا نەبن ، دەبێ ئامۆزابن » . وە لە نامەیەکدا کە لە کۆمەڵی رۆژهەڵاتناسی دەولەتەکان لەبروکسل ( ١٩٣٨ ) پێشکەشی کردوە وتویەتی : « یەکبەتی کوردەکان ، پێویستە لەسەر=

لێرەدا ، ئەوەی کە من مەبەستم بۆ ئەمەیە : زانینی رەسەن و رەگـەزی زاری هەورامییە و گەڕان و تەقالادان بە شوێن بەڵـگەی راستدا بۆ رۆشن کردنەوەی بنـەڕەتی رەگـەزی ، بەپـێی ئـەو بڕوایەی کە خۆم دەربارەی زمانی کوردی و زاری هەورامی هەمـە.

بێگومان ئەم ئیشـەی کە لێرەدا من دەیکەم زۆر کورت و سەرپێییە ، وە ئاشکراشە کە ئیشی ئەم جۆرە وردەکاریانە هی مانگ و دوو مانگ نیە بەڵـکو هی ساڵێـکیشە یاخود پتریشە .

ئەوەی کە شایەنی باسە ، من بۆ ئەم باسە ، تەنها سـێ ڕوم گرتوە بە دەستەوە :

یەکەمیان ، لە رووی بنەڕەتی موفرەداتەوە ، دووەمیان لە رووی سروشتی وڵاتی کوردستانەوە ، وە سێیەمیـان لە رووی بەراوردکردنی زاری هەورامی وزارە کوردیەکانەوە .

---

= بناغەی ئەوەی کە مادن ، شیبکرێتەوە » .

د . مەکەنزی ئەم رایەی مەۆستا مینۆرسکی بە راست نازانی ، وە لە سالی ( ١٩٦١ ) دا ، بە ناو و نیشانی « بنەڕەتی زمانی کوردی »یەوە بـەلاوکردەوە ـ ئەمـەش بریتیـە لە بەراوردکـردنی زمانی کوردی و زمانە ئێرانیەکان ـ وتی : زمانی کـوردی متاسـرە بە زمانی فارسـی ناوەڕاستەوە ـ تیـابا وا دەردەکەوێ کە گـومانی زۆرە لەوەی کە کوردەکان نەوەی ماد بن .

## بنەڕەتی وشـە و موفردات :

لام وایە ، مـن لەم ڕووەوە زۆر بەڵگەم دەرخسـتوە ؛ ئەوانیش بە بەراوردکردنی زمانی ئاوێستا و زارە کوردییەکان لە ڕوی فۆنۆلـۆژی ( phonology ) و مۆرفـۆلـۆژی ( morphology ) وسینتاکس ( syntax ) ەوە ، هەرچەندە بەراوردەکـەم کورتەیەکە ، بەڵام ئـەوەی ڕۆشـن کردوەتـەوە کـە زارە کوردییـەکان ـ وە بەتایبەتی زاری هەورامی دەچنەوە سەر زمانی ئاوێسـتا ، وە ڕوی لێکچوون لە نێوان زاری هەورامی و ئاوێستادا و زارە کوردییەکانی تردا ئەوەی دەگەیاند کە زاری هەورامی زمانێك بێ و جیـاواز بێ لە زارە کوردییەکان . ئەو بەراوردە ، مـنی گەیاندە بڕوایەك کە زاری هەورامی پردێکە لە نێوان زارە کوردییـەکان و ئاوێسـتادا [3] ، کە لێرەدا ماوەمان ئەگەر سـەرنجێ بدەینە ئەو کورتە بەراوردە [4] نییە باسی بکەین ، وە ئەو ڕایانەی مامۆستا مینۆرسکی و مامۆسـتا

(٣) تەماشای گـۆڤاری « بەیان » ، زمارە ( ١٠ ، ١١ ، ١٢ ) بـکە . وە چەند بەشێکی بە بەبۆی بەراوردێکی دوور و درێژ کە کردوومە ، گـەیشتومەتە کورتی لە گـۆڤاری ناوبراودا بـڵاوم کردوەتـەوە ، بڕوایەك کە زاری هەورامی نەوەی نوێـی زاری ئاویستاییە .

(٤) بە درێژی ـ ئـەم بەراوردکردنەی میـانەی زاری ئاوێسـتا و زارە کوردییـەکانم لە کـتێبی « سەرەتایێکی فیلۆلۆژی زمانی کوردیدا ـ نووسینی خاوەنی ئەم وتارە ـ باسکردوە .

تەوفیق وەهبی (هەر دوکیان لەو بڕوایەدان کە زمانی کوردی نەوەی نوێ‌ی زمانی میدییە) دەگەینە ئەم ئەنجامە :

هەر وەك کوردەکانی ئەمڕۆ نەوەی نوێی میدیەکانن[٥] و زاری هەورامیش نەوەی نوێ‌ی زاری ئاوێستایی‌یە[٦] کە وا بــۆ زاری هەورامی و زارە کوردێ‌کان یەك زمانن و دەچنەوە سەر زمانی میدی، چونکە زمانی ئاوێستا بە زمانی میدی نوسراوە و وتراوە[٧]

رۆی سروشتی :

ئاشکرایە کە ناوچە شاخاویەکانی کوردستانی هەورامان زۆر هەڵەت و سەختن، وە پتر لە شەش مانگ بەفراوین و ڕێگا و بانیان بە زوربەی وەخت بەستراون ، وە بە دەگمەن شـارێك یاخود دێ‌یەك

(٥) بە رای مامۆستا مینۆرسکی و مامۆستا توفیق وەهــبی ، کە لە زۆر بۆنەدا ، باسیان کردوە .

(٦) ئەو بەراورد کردنە منی گەیاندە ئەم رایە، کە زاری هەورامی نەوەی زاری ئاوێستایە .

(٧) چونکە لە دەوربــەری ( ٧٠٠ ) ب. ز. دا جگـە لەوەی کە حوکمرانی میدیەکان ، وە لە ناوچەی کوردستانی ئەمڕۆدا ، هیچ نەتەوەیەکی تر دەستی نەرۆیشتوە، وە فارسەکان لەو ناوچانەدا ، وە لەو دەوروبەرەدا ، هەر ناویان نەبوە ، لەبەر ئەوەی کە ئاوێستاش لەو ســەردەمەدا وە لە ناوچەی میدیادا وتراوە و نوسراوە کە وا بۆ هەر ئەبێ بە زمانی میدی نوسرابــێ و وترابێ .

رێگای ئۆتۆموبیلی بەخۆیەوە دیوە، ئەمە جگە لەوەی کە ناوچەیەکی دارستانی‌یە و هەمە جۆر میوەهاتی تێدایە، بە تەڕی و بە وشکی لەسەری دەژین . دانیشتوانی ناوچەکانی هەورامان بە پیشەسازی دەستی‌یەوە خەریکن و هەندێکیشیان مەڕومالاَت دارن .

لام وایە سەرت سوڕ بمێنێ ئەگەر بڵێین تا سەرەتای چەرخی بیستەمیش ، وە ئێستەش لە زۆر ناوچەدا ، شتی بێگانە ناکڕێت و ناخورێت و لەبەر ناکرێت ، وە تاوەکو ئێستاش ، جگە لە هەورامانی عیراق ، بە تاك و تەراك فوتابخانە دەبینی لە هەورامانی ئێرانـــدا .

بێ گومان لەگەڵمایت ، ئەگەر بڵێم ئەم جۆرە دوورە پەرێزیە سروشتی‌یە پارێزگاری زمانی کردوە ، وە زۆر زۆر کەم وشەی بێگانەی قەرزکردوە ، ئەگەر ئەوەش بۆبێ تەنها چەند وشە و موفرەدانێك بووە لە دەوروپشتی نوێژدا کە ئەوانیش عارەبین لەگەڵ هەندێ وشە و موفرەداتی فارسی کۆن ، ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە هەمو ناوچەکانی هەورامان وابن ، بەڵکو لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر گۆڕانێکی کەمی بەسەردا هاتوە و لەوانەشە پتر بێت بەپێی یاسای گۆڕانی زمان ـ لەگەڵ گۆڕانی ژیان و پێویستی ژیان ـ بەپێی جۆری دراوسێ و تێکەڵاوی و هاتوچۆکردن ... ) .

بۆ نمونە ، ئەو هەورامی‌یەی کە لە هەورامانی تەختە و قسەی پێ دەکات بەتەواوی وە لە هەمو شـتێکدا وەك ئەوە نییە کە لە

هەورامانی عیراقە ، یاخود ئەوە کە لە هەورامانی لهۆن قسـەی پێ دەکەن . ئەوانەی کە نیشتەجێی ناوچەی شارەزوورن وشە و موفرەداتی شارەزووری بەکار دەهێنن وەك ، ( چەقۆ ) و ( ئێژاردێ ) و ( بەیانی ) کە لە دێهاتەکانی ( خەرپانی ) و ( گولپ ) و ( ئەحمەدئاوا ) باون نەك ئەمانە ، بەڵکو چەندەهای تری وەها ، بەڵام ئەوانەی هەورامانی تەخت ، لەباتی ئەمانـە ، وشـەی ( کاردی ) و ( وێرەگا ) و ( سـەوای ) یا ( سۆحێ ) بەکار دەهێنن . خۆ لە هەورامانی ( لهۆن ) وە بەتایبەتی لە ( نەوسـود ) و ( پاوە ) زوربەی موفرەداتەکانیان فارسـین و رۆ بە فارسی دادەتاشن چونکە تێکەڵاون و ژیانیان بەیەکەوە بەستراوە .

رەنگبێ زۆر بە سەیری بزانی ، یاخود لە و بڕوایەدا نەبێـت ئەگەر وتم منداڵە هەورامێکانی کوردستانی عیراق هەر بۆ ماوەیەکی کەم کە دەچنە قوتابخانەی سەرەتایی‌یەوە فێری زاری سۆرانی دەبن و وەك من و تۆ قسەی پێ‌دەکەن وە هیچ جۆرە ناڕەحەتیەك پیشان نادەن ( پتر لە پانزە ساڵی مامۆستای قوتابخانەی سـەرەتایی ئـەو ناوچانە بووم ) . ئەمە چی دەگەیەنێت ؟ ؟ . ئـایا منداڵێـکی فارس بهێنین و بیخەینە قوتابخانەیەکی سەرەتایی کوردی‌یەوە ، هیچ جۆرە تەنگ و چەڵەمەیەکی زمانی نایەتە بەر ؟ ؟ ؟

لە پاش ئەم وات و پتەی سەرەوە ، ئەم پرسیارە هاتە بیرمەوە و وا باشترە کە دەریخەم ، کە ئەویش ئەمەیە : ئایا ، هیندی‌یەك خۆی دەکات بە ئینگلیزی ؟ یاخـود تورکـێ خـۆی دەکات بە عارەب ؟ ؟

بێگومان نەخێر . ئەگەر هاتو هەورامیەکان خۆیان بە کورد دانا ، ئیتر مامۆستا د مەکەنزی یا یەکێکی تر وەڵامی چییە ؟

بەراوردکردن :

بۆ زیاتر دڵنیا بوون ، وە بۆ پەردە لادان و دەرخستنی هەندێ شتی پەناواکی (شارراوە) کە هەن لە نێوان زاری هەورامی و سۆرانیدا ، بە لای منەوە ، باشترین شت ئەوەیە کە پەنا بەرمە بەراوردکردن ، (لێکۆڵینەوەی بەراوردی) کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی وردی بنیاتنراو لەسەر بەراوردکردن .

لێکۆڵینەوەی بەراوردی بە لای منەوە ناوێکی لێکدراوە ، لەسەر کێشی (بنێشتی کوردی) و (جلی کوردی) و (ئەدەبی کوردی) [٨] و (برنجی صەدری) دانراوە ، وە بە ئنگلیزی پێی دەوترێ (Comparative studies) . ئەم لێکۆڵینەوە بەراوردییە ، بە باشترین لێکۆڵینەوە دەدرێتە قەڵەم ، وە بەتایبەتی لە زماندا ، چونکە بە هۆیەوە توێژ لەسەر سێ شتی گرنگی شارراوە لا دەبات ، کە بە هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی کە ناکرێ ، ئەو سێ شتە گرنگانەش ئەمانەن :

١— ئەو شتانەی کە بەتەواوی وەك یەکن .
٢— ئەو شتانەی کە بە تەواوی جیاوازی یەکن .
٣— ئەو شتانەی کە لە زۆر شتدا وەك یەکن ، جگە لە هەندێ شتی بچکۆلە نەبێ کە جیاوازن .

بۆ ئاسانی ، ئەم لێکۆڵینەوە بەراوردییە دەکەین بە سێ بەشی سەرەکییەوە .

١– بەشی دەنگ سازی یاخود فۆنۆلۆژی ( phonology ) .

٢– بەشی وشەسازی ( مۆرفۆلۆژی – morphology ) .

٣– بەشی رستەسازی ( سینتاکس – syntax ) .

بەراوردکردنی هەر دوو زارەکە لە رووی دەنگ سازییەوە [٨] :

---

(٨) پێویستە ئەو جیاوازییەی کە هەیە لە نێوان ( ئەدەبی کورد ) و ( ئەدەبی کوردی )دا ، شارەزا بین ، کەئەویش بە لای منەوە ئەمەیە :
( ئەدەبی کورد ) ، واتای ئەوە ئەدات کە بە زمانی کوردی و بێگـانە دەربارەی ئەدەبی کـورد بوترێ و بنوسـرێ . بەلام ( ئەدەبی کوردی ) ، هـەر ئەوێ بە زمانی کوردی بوترێ و بنوسـرێ ، جگـە لەوەش کە وشەی ( ئەدەبی کورد ) لە ئەرکـدا ( مضاف و مضاف الیه )ە ، بەلام ( ئەدەبی کوردی ) ناوێـکی لێـکدراوە .

بە لای منەوە ، زۆر پێویستە کە جیاوازی نێوان ( پیت – Letter ) و ( دەنگ – sound ) بزانین ، وە بە یەکسانی تەماشاکردنیان هەڵەیەکی گـەورەیە .

ئەگـەر وردبینەوە لە ( پیت – Letter ) ، دەبینین کە هەر پیتە ناوێـکی تایبەتی هەیە ، وە ناوەکەشی پێك هاتوە لە پـتر لە دەنـگێك ، بۆ نمونـە ، بەشـێوەی کوردی بە پیی ( ك ) دەوتـرێ ( کـێ ) ، ئەگـەر سەرنج بدەینە ناوە کوردیەکەی دەبینین کە پێـك هاتوە لە سێ دەنگ ، کە ئەوانیش دەنـگەکانی / ك / ، / ێ / وە کورتە دەنـگێك=

بە شێوەیەکی گشتی دەنگەکانی هەر زارێ کە تــۆ بیگری دەکرێن بە دوو جۆرەوە :

أ — بزوێنەکان : Vowels

دەنــگە بزوێنەکان ، بە تێــکڕایـــتی هەمویان دەنگدارن و یارمەتی جوڵاندنەوەی ئەندامانی ئاخاوتن دەدەن لە کاتی گۆکــردنی وشە یا رستەدا ، کە دەبنە جەمسەری یارمەتیدەر بۆ گــوێــزانەوە لە کۆنسونانتێکەوە بۆ یەکێــکی کــە .

---

= کە وەکو زێرێــکی عارەبی وایە ، وە ئەو کورتە زێرەش وا لە زێــر دەنــگی /ئ/ەکەدا ، ئەمە لە لایەکەوە وە لە لایەکی کەشەوە پیتی ( ك ) هەر لە دەرەوەی ( نوسین ) ەوە ناوی هەبــە ، بــەلام لە قــەوارەی نوسیندا ، وە لە هەر جێــگــایەکدا جۆرە دەنــگێك ئەدا ، کە بــە هیچ جۆرێك پیتەکەی جێــگــای ئەو دەنــگە ناگرێتەوە ، بۆ نموونە سەرنج بدەرە ئەم دەنــگــی /ك/ە لەم وشانەدا ( کیلۆ ، کردن ، لاك کورد ) ، ئەوەی وشەی ( کیلۆ ) وەك بڵێت (چیلۆ) وایە ، واتا دەنــگی /چ/یە و تێــکەڵاوە بە دەنــگی /ك/ ، وە ئەوەی وشــەی (کردن ) دەنــگــی /ك/ کە وەك زێردار بێ وایە ، وە ئەوەی وشەی کورد وەك ( بۆر ) دار بێ وایە ، بەلام ئــەوەی وشــەی ( لاك ) زۆر کەم دەنــگترە لە هەموویان و وەستاویشە . لەمەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەو پیتی /ك/یە بەکارمان هێنا ناتوانین بە دەنــگ بیدەینــە قەڵەم چونــکە لە هەر جێــگــایەکدا جۆرە دەنــگێــکی هەیــە ، کە جیاوازە لەوی تر ، جا لەبەر ئەم جیاوازییە پێویــتە دەنــگ دیاری بکەین بە خستنی ناو دوو هێڵی خوارەوە وەك /... / و پیت ناو دوو کەوانەوە وەك ( ... ) .

ب- کۆنسوناتەکان : Consonants

کۆنسونانت ، لە بنەڕەتدا ، بۆیە ئەم ناوەی دراوەتێ کە گوایە ، ئاوازەدارە ، یاخود مۆسیقای هەیە ، کە وا نیە ئەگەر وتمان (دەنگە ئاوازە دارەکان) جێگای خۆیەتی . ئەم کۆنسوناتانە دەکرێن بە دوو بەشەوە :

١- کۆنسوناتی کەمدەنگ ( Voiceless ) .

٢- کۆنسوناتی دەنگدار ( Voiced ) .

دەنگە بزوێنەکان :

أ- لەزاری هەورامیدا نزیکەی دوازە دەنگە بزوێن[٩] هەن هەروەها لە زاری سۆرانیشدا ، واتا لە هەردوو زارەکەدا دوازدە دەنگە بزوێنی وەك یەك هەن ، ئەمە لە لایەکەوە وە لە لایەکی کەشەوە لەزاری هەورامیدا دەنگە بزوێنێ هەیە کە لە زاری سۆرانیدا نییە ، وە لە زاری سۆرانیشدا دەنگە بزوێنێ هەیە کە لە زاری هەورامیدا نییە .

ئەمانەش ئەو دەنگە بزوێنانەن کە لە هەردوو لایاندا بەشدارن :

١- /ا/ : ئەم دەنگە بزوێنە ، کراوەیە و قەڵەوە و ناوەڕاستی

(٩) ئەمە جگە لە سێ دەنگە بزوێنی شاراوە ، کە وەکو کورتە سەری عارەبی و کورتە بۆری عارەبی وە ژێری عارەبی وان .

دەم دەگرێتەوە ، وەك :[10]

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| دەســـماڵ | — |
| كاڵ | — |
| تاڵ | — |

٢— / آ / ؛ ئــەم دەنگە بزوێنە كراوەیە و هەژارە ( لاوازە ) و ناوەڕاستی دەم دەگرێتەوە ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| ئاوی | ئاو |
| ئاوەز | — |
| ساوەر | — |

٣— / ا / ؛ ئــەم دەنگە بزوێنە كراوەیەكی مام ناوەندی‌یە ، لە ناوەڕاستی دەم دایە ، لاوازە ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| شار | — |
| دار | — |

(١٠) ئەگەر لە هەردوو زارەكەدا هەمان وشە بە هەمان واتا بەكار هێنرا ، ئەو وەختە لە زاری دووەمیاندا هێڵێك وەك ( — ) ئەكـێشین بەرامبـەری كە واتای ( مساوي ) دەدات .

| | |
|---|---|
| داڵی | داس |
| بار | — |

٤– /ی/ ، ئەم دەنگە بزوێنە کورتە (کەم گێرە) ، تەختی دەمی بۆ دەکرێتەوە ، لەپێشەوەیە ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| کەری | دەکەی |
| وەری | دەخۆی |
| بەری | دەبەی |

| سۆرانی | هەورامی |
|---|---|
| بردی | بەردش |
| خواردی | واردش |
| کەردش(١١) | کردی |

(١١) لێرەدا ، ئەم تەختە جیاوازییە لە نێوان هەورامی و سۆرانیدا هەیە ، کەمترە لەوەی کە هەیە لەنێوان سۆرانی و کرمانجی ژوروودا ، تەماشا :

| سۆرانی | کرمانجی ژوورو | هەورامی |
|---|---|---|
| بردی | وی بر | بەردش |
| کردی | وی کر | کەردش |
| خواردی | وی خار | واردش |
| کردت | تەکر | کەردت |
| خواردت | تەخار | واردت |
| بردت | تەبر | بەردت |

٥ــ / ێ / ؛ ئەم دەنگە بزوێنە گێڕە و لە پێشەوەیە ، دەم وەك داخرابێ وایە وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| پێـر | — |
| تێـرە | تێـر |
| مێـر | — |

٦ــ / ێ / ؛ ئەم دەنگە بزوێنە کراوەیە ، بەڵام مام ناوەندی ، لە پێشەوەیە ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| بابـێ | بابێت |
| دامێ | داوێ ( بە واتای داو ) |
| تاوێ | — |

٧ــ / ی / ؛ ئەم دەنگە بزوێنە کراوەیە ، بە هۆی ئەوەوە کە لە پێش ئەم بزوێنانەوە بەکار دەهێنرێت ، ( / ە / ، / ا / ) وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| دیاری | — |
| گـیان | — |
| بدیە ( بیبە ) | بڕوانە |

٨— / و / ؛ ئەم دەنگە بزوێنە کورتە و دەم وەك داخراوێ وایە و نەختێ لە دوای ناوەڕاستی دەمەوەیە ، وەك : (١٢)

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| کورد | — |
| کوڕ | — |
| کوڵ | کورت |

٩— /وَ/ ؛ ئەم دەنگە بزوێنە گیرە و درێژە و دەم دێتەوە یەك جگە لەوەی کە لە پێشەوە وەك کونێکی خڕ بهێڵێتەوە وایە و دەنگەکەش نەختێ لە دواوەیە ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| شوَ | — (١٣) |
| موَ | — |
| روَ | — |

(١٢) دەتوانین بڵێین وەك ( بۆری ) عارەبی وایە .

(١٣) تەماشای ئەم وشانە و دەنگەکانیان بکە کە لە زاری کرمانجی ژوورودا هەن :

| هەورامی و سۆرانی | کرمانجی ژوورو |
|---|---|
| شوَ ( ه ) | شی = [ شُ ی ] |
| موَ ( ه ) | می = [ مُ ی ] |

=

١٠ - /ۆ/ ؛ ئـــەم دەنگە بزوێنە کراوەیەکی مامناوەندییە ، دەم خڕە (لەم لاو لەو لاوە هاتوەتەوە یەك)، لەدواوەیە، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| دۆ | — |
| خۆ | — |
| هۆ | — |

١١ـ /ۆ/ ؛ ئەم دەنگە بزوێنــە کراوەیە، بەبۆنەی ئەوەوە کە ئەم دەنگە بزوێنانەی بە دواوە دێـت (/ە/،/ا/) وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| دێوانە | — |
| رێبوار | — |
| پەیوەس (پەیوەز) | — |

= زۆ (ھ) زی = [زُی]

ئەگـەر سەرنج بدەینە دەنـگی /ش/ و /ژ/ و /ز/ وا دەزانی کە هەر یەکەیان (بۆرێـکی) وا بە سەرەوە، وەك بۆری عارەبی، ئەم جۆرە سەر و بۆر و زێرە لە نوسینی لاتینیدا تا رادەیەك چارەسەر کراوە، بەلام بە هۆیەوە کـۆسپی نوێش هاتوەتە بەر، لەجێگایەکی تردا ئەگـەر ماوە هەبێ باسی ئەم کـۆسپە دەکەین .

١٢— / ە / ؛ ئەم دەنگە بزوێنە زۆر زۆرە لە زمانی کوردیدا وە بە وێنەیەکی گشتی لە هەموو زارە کوردیەکاندا ، دەتوانین بڵێین جەمسەرە لە وشەی کوردیدا ، وە ئەمە بە تەواوی وەك سەری عارەبی وایە ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| سەرە | — |
| بەرە | — |
| کەرێ | کەرە |

ب — ئەو شتانەیان کە وەك یەکن جگە لە نەختێ جیاوازی نەبێ وەك دەنگی / ێ / کە ئەم دەنگە نە بەتەواوی وەك دەنگی / ێ / سۆرانییە کە لە وشەی ( دێ ) دا هەیە ، وە نە وەك دەنگی / ی / وایە کە لە وشە ی ( کردی ) دا هەیە ، ئەم دەنگە زۆر تایبەتییە بە زاری هەورامییەوە ، کە وەك ( پاشبەندێك ) یاخود ( مۆرفیمێکی رێزمانی ) دەنووسرێ بە ناوەوە ، بۆ مەبەستی ( کۆ = جمع ) ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| زارۆڵە | منداڵ(١٤) |

(١٤) تەماشای ( کۆ ) کردن بکە لە زاری کرمانجی ژووروودا : =

| | |
|---|---|
| زارۆڵێ | منالاْن |
| یانــه | یانــه |
| یانێ | یانان |
| کناچێ | کچ |
| کناچێ | کچان |

ح ــ ئەو شتانەیان کە زۆر جیاوازی یەکترین ئەمانەن :

١ــ بوونی دەنگێکی ( دوَلــۆ ) ( diphthong ) لە زاری سۆرانیدا (لە زوربەی ناوچەکاندا) ، کە ئەویش دەنگی /ـ وێ ـ/ ە ، وەك ئەوەی کە لەم وشانەدایە .

| | |
|---|---|
| خوێن | /ـ وێ ـ/ |
| شوێن | /ـ وێ ـ/ |
| گوێ | /ـ وێ |

هەر وەك من بزانم ئەم دەنگە (دوَلۆیە) لە زاری هەورامیدا

| سۆرانی | هەورامی | کرمانجی ژوورو |
|---|---|---|
| منالْ | زارۆڵە | زارو |
| منالاْن | زارۆڵێ | گەلێك زارو |
| پیاو | پیا | میرْ |
| پیاوان | پیێ | گەلێك میرْ |
| ژن | ژەنی | ژن |
| ژنان | ژەنێ | گەلێك ژن |

نابیستری ، جگە لە تاقە وشەیەك نەبێ کە ئەویش وشەی ( لاگوێلە ) کە واتای ( لامەت ) دەدات ، بەڵام ئەم وشەیە لە سۆرانییەوە وەرگیراوە ، بەوەی کە لە زاری سۆرانیدا ( گوێل ) هەیە کە هەمان ( واتا ) دەدات ، وە ئەو گۆڕانەی کە بەسەریدا هاتبێ تەنها ( لا ـ ) کەیە ، واتا ( لا ) یان خستوەتە سەری و کراوە بە ( لاگوێل ) ، وە بەوەی کە هەورامی وشەیەکی تری تێدا نییە کە جۆرە دەنگی ( دۆلۆی ) وای تێدا بێ . (١٥) (١٦)

٢ — بوونی دەنگە بزوێنی /: و/ لە هەندێ ناوچەی سۆراندا ، وە نەبوونی لە زاری هەورامیدا ، وەك ئەم دەنگەی کە لەم

(١٥) ئەم جۆرە دەنگە بزوێنە ( دۆۆیە ) لە زاری هەولێردا نابیستری ، یا زۆر کەمە ، ئەگەر هەشبێ ، وەك ئەوەی کە وا لە وشەی ( گەلاوێژ ) زاری سولەیمانی وە ( گەلاوێژ ) لە زاری هەولێردا ، من جگە لەمە هیچی ترم نەبیستوە ، هەروەها لام وایە لە ناوچەی خۆشناوەتیدا بە تاك و تەراك دەبیستری . ئەوەی کە من بیستومە وەك ئەوەی وشەی ( چوێشکە ) وایە کە واتای چۆلەکە ئەدات ، وە لە هەولێریش بە ( چۆێشکەی ) گۆ دەکەن .

(١٦) هەر وەك ماوەیەکە ئەپرسم و تەماشای سەرچاوە دەکەم نەم توانی ، ئەم جۆرە دەنگە ( دۆاۆیە ) لە زارکرمانجیی ژوورودا ببیستم .

وشانەدا هەیە : (١٧)

| | |
|---|---|
| گویز | /گ ُ ی ز/ |
| گویژ | /گ ُ ی ژ/ |
| دو | /د ُ ی/ |

ئەم جۆرە دەنگە کە وەك (بـۆر)ی عارەبی زۆر کورت وایە لە زاری سولەیمانیدا نییە ، بەلام لە زاری خۆشناوەتی و هەولێر و شارەزوور گەرمیان زۆرە .

نیمچە بزوێنەکان ( Semi Vowels ) :

بۆیە پێی دەڵێن نیمچە بزوێن چونکە نە بزوێنی تەواوە وە نە کۆنسوناتی تەواوە ، وە هەمیشە لە سەرەتای وشەوە دێت ، وەك بزوێن وایە بەلام لە کاتی (گۆ) کردنیدا جوجوڵی (لێو) زیاترە لەوەی بزوێنی تەواو ، وە وەك کۆنسونانت وایە ، بەلام کەمتر ئەندامانی ئاخاوتن لە کاتی گۆکردنیدا بەشدار دەبن . لە

(١٧) ئەم جۆرە دەنگە لە زاری کرمانجی ژوورووشدا هەیە وەك :

| سۆرانی | کرمانجی ژوورو | | |
|---|---|---|---|
| خوێن | (خین) | = | [خ ُ ی ن] |
| گوێز | گیز | = | [گ ُ ی ز] |
| شوێن | شین | = | [ش ُ ی ن] |
| دروێنە | درین | = | [د ُ ر ی ن] |

هەردوَ زارەکەدا دوَ نیمچە بزوێنی وەك یەك هەن ، کە ئەوانیش ئەمانەن :

١— / و : / ؛ ئەم نیمچە بزوێنە ، کورتە بزوێنێکی تری وا بە شوێنەوە وە لەبەر هێزی خۆی ئەوەی دواوەی دەرناکەوێ وەك :

| سۆرانی | | هەورامی |
|---|---|---|
| ولات (وولات) | : | وەلات |
| ورد ( وورد ) | | ورد |
| ورج ( وورج ) | | ورج |

دەنگی / و / ی یەکەمیان نیمچە بزوێنە ، بەلام دەنگی دوَوەمیان بزوێنە .

٢— / ی : / ؛ ئەم نیمچە بزوێنەش لە سەرەتای وشەوە دێت وە لە هەردوَ زارەکاندا وەك یەکە وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| یانە | — |
| یووە ( یوڤە ) | یەك |
| یانزە | — |
| یار | — |

کۆنسونانتەکان : Consonants

هەروەك ئاشکرایە کۆنسونانتەکان دەکرێن بە دوَ جۆرەوە :

١ـ کۆنسوناتی دەنگدار ( Voiced )

٢ ـ کۆنسوناتی کەمدەنگ ( Voiceless )

بەشی دەنگدار :

بە شێوەیەکی گشتی ئەو کۆنسونانتانەی کە هەن لە زاری هەورامیدا لە زاری سۆرانیشدا هەن وە بە تەواوی لە هەموو وشەیەکدا وەك یەکن جگە لە (تاقە دوَ) دەنگدا نەبێ کە نەختێ جیاوازییان هەیە (ئەویش لە ناو قەوارەی وشەدا). ئەمانەی خوارەوە دەنگە کۆنسوناتە دەنگدارەکانن : (١٨)

١ - /ب/ : وەك :

| هەورامی | | سۆرانی |
|---|---|---|
| بابەخ | : | — |
| دوَبەرە | | دوَبەرە (لە هێزدا جیاوازن) |

٢ - /د/ : وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| دەردە | دەرد |

(١٨) هەر کە هەستمان کرد بە جیاوازیێ لە کۆنسونانتێکدا باسی دەکەین .

| دیواخان | دیوەخان |
|---|---|

٣ ـ /: د/ ، ئەم دەنگە هەر وەك مامۆستا تەوفیق وەهبی [١٩] وتویەتی (کالۆرە) ، واتا لە میانەی کۆ کردنی دەنگی /ث/ ی عارەبی و /ت/دا ، هەر وەك دەنگی /ث/ بتوێ و سوابێ وایە ، یاخود جۆرە دەنگە /ت/ێ بێ بێ و وەرگەڕابێ . ئەم دەنگە زۆر جیاوازە لەوەی کە لە هەولێر و خۆشناوەتی و کرمانجی ژوروودا بەکار دەهێنرێت . دەتوانین بڵێین کە ئەم دەنگە تایبەتی یە بە ناوچەی سولەیمانی و شارەزوور و هەورامانەوە ، ڕیشەی تێدەچێ کە میراتی بەنی ئاردەڵانییەکان کەوتبێ . ئەوەی کە زۆر شایەنی باسە ، لێرەدا ، ئەوەیە کە ئەم جۆرە دەنگە باوە لە زاری گفتوگۆ کردنی ڕۆژانەدا ، وەك :

| هەورامی | | سۆرانی | |
|---|---|---|---|
| گەدا | : | — | (لەروی مالی یەوە) |
| ئەد | | لەباد | |
| تاتەد | | باوکد / باوکت | |

(١٩) گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی یەکەم ، ل ٣١ ، ماۆستا تەوفیق وەهبی .

جگە لەوەی کە هەندێ دەنگی /د/، یا /دە/ یاخود/دا/ی دوای وشە بە /: د/، یا /: دە/ یاخود/: دا/ی کلۆر (گۆ) دەکرێن، هەندێ دەنگی /ت/ی دوایێش (واتا بە دوای وشەوە) هەر بە دەنگی /: د/ی کلۆر (گۆ) دەکرێن، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| تانەت | (هـ) | بە نووسین |
| تانە : د | (هـ) | بە گۆکردن |
| باوکت | (س) | بە نووسین |
| باوك : د | (س) | بە گۆکردن |
| براکەت | (هـ، س) | بە نووسین |
| براکە : د | (هـ، س) | بە (گۆ) کردن.[20] |

٤ ـ (گ)، وەك:

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| رەگ | — |
| مەگەر | — |
| گەز | — |

(٢٠) هەرچەندە لە ناوێنادا دەنگی /د/ی هەمە جۆر هەیە بەڵام دڵنیا نیم لە رەسەنی دەنگی /: د/ی کلۆر.

٥ ـ /ڤ/ ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| کـڤەکـڤ | — |
| وەرگ / ڤەرگ (٢١) | گورگ |

٦ ـ /ژ/ ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| ژەنی | ژن |
| ژانی | ژان |
| مژدە | — |
| ژیوای | ژیان |

٧ ـ /ج/ ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| جام | ئاوێنە ، نەینۆك ، نەینك (هەولێر) |

(٢١) وشەیەکی ئاوێستایی رەسەنە . بڕوانە :

The Avestan Language , Sokolov , Moscow .

| | |
|---|---|
| جامۆڵکە (٢٢) | جام ( بۆ ئاو خواردنەوە ) |
| جۆلاً | — |
| لینجاوی | لینجاو |

٨ ـ /م/ ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| دەم | — |
| مەرد | — |
| مل | — |
| ملەوانی | ملیوانکە |

٩ ـ /ز/ ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| بزە | بزن |
| مازی | پشت ( مازی ) |
| زۆ | زۆ |

(٢٢) وشەی ( ئاوێنە ) زۆر نوێیە و بە لای منەوە لێکدراوە لە ( ئاو - وێنە ) وە پێکهاتووە . ( جام ) لەبنەڕەتدا ئاوێستاییە بەڵام بە تەوارەی ( یام ) واتا ( شووشە ) هەروەها وشەی ( جاخانە ) ش وشەیەکی عارەبی نییە وشەیەکی لێکدراوی قەرز کراوە .

١٠ـ /ن/ ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| نامێ | نــاو |
| مِن | — |
| گلەنیە | گـلێنە (گـلێنەی چاو) |

١١ـ /ل/ ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| شل‌ومل | — |
| لوکە | لـۆکـە |

١٢ـ /ڵ/ ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| گڵێنێ | گـڵێنـە |
| کاڵـەك | — |
| پڵاو | — |

ئەم دەنگە کۆنسونانتە /ڵ/ ، لە نـاوچەی شـــارەزوور و سولەیمانی و هەورامان و جوانرۆ و گەرمیان و هەولێردا هەیە ، بەڵام لە ناوچەی خۆشناوەتی‌دا ، دەبێ بە دەنگی /ر/ی هەزار ،

واتـــا : [٢٣]

| | | |
|---|---|---|
| کەڵاڵە | دەبێتە | کەرارە (خۆشناوەتی) |
| کەڵا | „ | کەرا („) |
| بەڵێ | „ | بەرێ („) |

١٣ - /ح/ ، وەك : [٢٤] [٢٥]

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| حەوت | — |
| حەیتە | — بەوا تا بنەڕەتی یەکی خۆی: دڕاو (درزاو) . |

١٤ - /خ/ ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| خورماوی | خورما |

(٢٣) ئەم جـۆرە دەنـگـە /ڵ/ لە (کرمانجی ژوروودا) زۆرە ئەمانەش نموونەن : (باڵاف ، مەڵا ، زەڵام ، بەڵاف) بە واتای (جێـگـای جل شوشتن و مەلا و پیا و بڵاو)

(٢٤) بە لای منـەوە وایـە کە دەنـگـەکانی /ح/ ، /خ/ ، /ع/ ، /غ/ ڕەسەن نین .

(٢٥) ـ سـەرنج بدەرە ئـەم وشـانەی هەوارێـر بـۆ دەنـگی /ڵ/ : (دومەڵان ، دۆڵ ، کـەڵ ، کـەڵاوێژ ، مەڵا)

| | |
|---|---|
| سێخـن | سیخن |
| لرخن | — |

١٥ ـ / ق / ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| قاقەز | کاغەز<br>قاقەز |
| رەق | — |
| قزێ | قـژ |

١٦ ـ / ع / ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| لەعل | بەواتای ( جوان ) |
| لەعل ( ناوە ) | |
| عێـل | — |

١٧ ـ / غ / ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| لەغام | لەغاو ( لغـاو ) عارەبی‌یە |
| غونچە<br>خونچە | — |
| یەغنیکێش | — ( لام وایە تورکی‌یە ) |

١٨ ـ / نگ / ، وەك :

| سۆرانی | هەورامی |
| --- | --- |
| هەنگاو | هەنگامە |
| — | هەنگوین |
| — | مانگیر |

بەشی کەمدەنگەکان :

١٩ ـ / پ / ، وەك :

| سۆرانی | هەورامی |
| --- | --- |
| پەت | پەتە |
| — | لەپ |
| — | باپیر<br>بابا |

٢٠ ـ / ت / ، وەك :

| سۆرانی | هەورامی |
| --- | --- |
| تەور | تەوەر |
| مەترسە | مەتەرسە |
| — | کەڕەت |

٢١ـ /ك/ ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| کەڵەشێر | — |
| کاراتری | کۆتر |
| لاکە | لاك |
| چۆڵـکە | چیلـکە |

ئەوەی کە ســـەرنج رادەکێشێ ، لێـــرەدا ، ئەوەیـــە ، کـە نەختێ جیاوازێ لە نێوان زاری هەورامی و سۆرانیدا هەیە ، کـە ئەویش لە چۆنیەتی گۆ کردنی دەنگەکانی /کێ/ وە /کی/ یە ، لە قەوارەی وشەیەکدا وە یەك بە شوێن یەکەوە ، واتا :

( کیلۆ ) وەك بیێتە (چیلۆ) وایە

( کێرد ) وەك بیێتە (چێرد) وایە

بەلاّم لەزاری هەورامیدا شتی وانییە ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| کێلان | ( کـێلانی خنجر ) |
| کـیف | (جزدان ) |
| کیلوێ | ( کیلو ) |

٢٢ـ / چ / ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| چەم | چاو |
| ېژچێ | ېرچ |
| نەچیر | نێچیر |

٢٣ـ / ڤ / ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| کەڤ | — |
| ڤرو | فرۆ |
| لیڤ | لێفه (لەعارەبی دەکات) |

٢٤ـ / س / ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| سیسەرگی | سیسرك |
| هەرسی | فرمێسك |
| کاس | کاس (کەژوکاس) |

٢٥ ـ /ش/ ، وەک :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| بڕشتێ | بڕشت |
| دشت | درشت |
| شش | شەش |

٢٥ ـ /هـ/ ، وەک :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| هەنار | — |
| هۆن<br>وێ | خوێن |
| هەزار | — |

٢٧ ـ /ە/ ، وەک :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| ناە | —<br>نەە |
| ئاوی | ئاو |

٢٨ ـ /ص/ ، وەك :

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| صەد | — |
| شەص | شەصت |
| صەوزە | — |

٢٩ ـ ئەو نەختە جیاوازییەی ، کە لێرەدا دەردەکەوێ ، ئەوەیە ئەگەر سەرنج بدەینە هەورامیێکان لە کاتی گۆکردنی هەندێ دەنگدا ، دەبیسین کە زوربەی دەنگە /س/ ـەکانی زاری سۆرانی ، یاخود لە وشەکانی خۆیاندا بە /ث/ ، گۆی دەکەن ، ئەمە زۆرتر لەناو لادێیە نەخوێندەوارەکاندا باوە ، وەك :(٢٦)

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| ثەرە | سەر |
| ثەردا | سەرما |
| ثۆلّی | سوێری |

وەختی واش هەیە کە دەنگی /ت/ دەکرێ بە دەنگی /ث/ بەلاّم زۆر کەم ، وەك :

(٢٦) لە بنەڕەتدا ( واتا لە ئاوێستادا ) ئەم دەنگی /ث/ە هەیە ، بڕوانە :
The Avestan Language . Sokolov, Moscow .

| هەورامی | سۆرانی |
|---|---|
| تێر<br>سێر | تێـر |

کورتەی ئەم بەراوردە :

جەوهەری ئەم بەراوردکردنە ( لێکۆڵینەوەی بەراوردی نێوان زاری هەورامی وسۆرانی لە ڕوی دەنگسازی‌یەوە ) ئەمە بۆ :

١ ـ لە ڕوی کۆنسونانتەکان و بزوێنەکانەوە :

آ ـ هەردو زارەکە پارێزکاری دەنگە ڕەسەنەکانیان کردوە بەبێ زیاد و کەم ، بەم بۆنەشەوە نمونەمان هێنایەوە

ب ـ ئەتوانـین بڵێین هەندێ دەنگی بێگانە کە قەرزکراون سەرانسەری زارە کوردیەکانی گرتوەتەوە ، وەك : دەنگەکانی / ع / ، / غ / ، / ح / ، / ص / ، / ق / [٢٧] ... نمونەشمان

(٢٧) تەماشای ئەم نمونانەی خوارەوەکە :

| | |
|---|---|
| صاڵۆ : | صاڵ ( س ) : صاڵ ( ك ) |
| صەکە ( س ) | صە ( ك ) : تۆنە ( ه ) |
| صۆر (هەولێر ) | صور ( ك ) : سۆر ( ه ) |
| صار ( ك ) | سارد ( س ) سەرد ( ه ) |
| صاف ( ه ) | صاف ( س ) ( ك ) بەوانای ( لۆس ) |
| صنۆق ( ه ) | صندوق ( س ) ( ك ) ؛ ( عارەبین ) |

لەسەر هەمتویان هێنایەوە ، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم لەسەر ئەو بڕوایە نیم کە دەنگـــە / ص / ، / ق / بێگــانە و قەرزکراوبن ، چونکە دەنگی / ص / ، جگە لەو وشانەی کە لە بنەڕەتدا عارەبین وشەی زۆر هەن کـە دەنگی / ص / یان تێدا بێ ئەمە جگە لەوەی کە لە ئاوێستادا ( ترانسلایرەیشنی ئینگلیزی ) پتر لە سێ دەنگی / س / ی تێدایە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە وێنەی دەنگی / ص / لە ئینگلیزی و لاتینیدا نییە ، ناتوانین بڵێین ئەمەیان / ص /ە و ئەوەیان / س / ، مەگەر بە سەلیقە . خۆ دەنگی / ق / ، هەر ئێجگار زۆرە و بەبێ جیاوازی زارە کوردیێکان پاراون لێی .

ج ـ ئەوەی کە وەك یەکە لەگەڵ نەختێ جیاوازیدا ئەمەیە :

١ ـ هەندێ دەنگی رەسەن ، کە وەك من بزانم ، کوێــر بوەتەوە ، کە وەك دەنگی / ث / بۆ ، بە تەواوی لە هیــچ زارێکدا شوێنی نییە و نەماوە ، جگە لە جێگـە بۆیــە نەبێت ، کە ئەویش لە زاری هەورامیدایە ، ئەویش مەگەر بگەڕێیت بە ناوچە شاخاویەکان و ناو لادێیە نەخوێندەوارەکاندا ، ئەنجا بـــەر گوێت دەکەوێ و دەبیسی ، ئەویش ( گۆ ) کردنەکەی وا لە میانەی دەنگی / س / ، / ث / دا ، واتا دەنگی / س / تەواوی نییە ، لام وایـە نەتونەشمـــان لـــەم روەوە

هێنایەوە . (۲۸) (۲۹)

۲ ـ کەم بونەوەی دەنگی /ڤ/ لە هەندێ زاری ناوچەی سولەیمانی و شارەزوور و هەولێر و جوانڕۆ و گەرمیاندا وە تێکەڵاو بونی لەگەڵ دەنگی /و/ لە زاری هەورامیدا بەم بۆنەشەوە پێویستە باسی ئەوە بکەین کە ئەم دەنگی /ڤ/ یە لە هەورامی کۆندا زۆر باو بووە وە بە تایبەتی لە هەورامی شیعرەکانی ( صەیدی هەورامی ) یەکەمدا وە لە لادێکانیشدا ماوە بە تایبەتی لە ناو نەخوێندەوارەکاندا ، ( مەبەستم لەو وشانە نییە کە ئێستە دەنگی /ڤ/ یان تێدایە ) . بەلام خوێندەوارەکان ئەو /ڤ/ یە دەکەن بە /و/ وەك :

ڤەرگ ( هەورامی کۆن ) : } گورگ ( س )
وەرگ ( ،، نوێ )

لوۆنێ } ( هەورامی کۆن ) رۆێشم ( س )
لوڤۆنێ }

لوانێ ( هەورمی نوێ )

---

(۲۸) ئەم دەنگی /ڤ/ بە رەسەنە و لە ئاوێستادا هەیە .

(۲۹) تەماشای دیوانەکەی ( صەیدی هەورامی ) ـ کۆکردنەوەی . کاردۆخی ـ بکە ـ بزانە چەند چەندەها وشەی بەکار هێناوە کە دەنگی /ڤ/ یان تێدایە .

| | |
|---|---|
| ئەروە<br>وەروە | (ه) : بەفر (س) |
| دێڤانە<br>دێوانە | (ه) : دێوانە (س) [30] |

بێ گومان، ئەم جۆرە جیاکردنەوە (هەستکردن بە جیاوازی کۆکردنی دەنگێ) سەرنجێکی ورد و راهێنانێکی باشێ دەوێت.

٣ ـ بوونی دەنگی /: د /ی کلۆر لە زاری سۆرانی «سولەیمانی و شارەزوور و جوانرۆ و گەرمیان» و هەورامیدا، ئەم دەنگە هەر وەك دەنگی /ت/ بۆ بێ و سوابێ، یاخود دەنگی /ت/ بۆبێ و کەم هێز کرابێ وایە.

د ـ ئەو شتانەی کە جیاوازی یەکترین ئەمانەن:

١ ـ بوونی جۆرە دەنگێك کە بە هۆی وەرگێڕانی دوو دەنگەوە دروست بوون، واتا دەنگی /کی/ یاخود /کێ/ دەبنە /چی/، یاخود /چێ/، وەك:

کێرد (بەنوسین)، دەبێتە (چێرد) بە (کۆ) کردن.

٢ ـ بوونی دەنگە بزوێنێکی دوولۆ لە زاری سۆرانی

(٣٠) تەماشای ئەم شیعرەی (صەیدی هەورامی) بکە:

ئەز دێڤانە نۆ ئەر شێتو سەرسام

یەکەم نۆنی تەفتەن مەوشکلانم.

(شارەزوور و سولەیمانی و جوانڕۆ و گەرمیان ...) وە نەبوونی لە زاری هەورامیدا ، کە ئەویش /وێ/ یە .

٣ ـ بوونی دەنگە بزوێنێکی ئەوتۆ کە نە /ێ/یە وە نە /ی/ە ، ئەمەش پاشبەنێکی مۆرفیمی‌یە ، تەنهـــا لەزاری هەورامیدا هەیە ، وەك :

| هەورامی | | سۆرانی |
|---|---|---|
| کاوڕ (تاك) | : | کاوڕ |
| کاوڕێ (کۆ) | | کاوڕان |

ﻫ ـ ئەو شـــتانەیان کە بە تەواوی وەك یەکن ، ئەوانەیە کە لە هەردوو زارەکەدا سێ (کورتە بزوێن) ی شارراوە هەن ، کە ئەوانیش ، وەك (کورتە سەر) و (کورتە بۆر) و (ژێر) وان .

ئەمەی ســـەرەوە ، بە تێکڕایی وامـــان لێدەکات کە نەکەوینە گومانەوە بۆ لەیەك بوونی زاری هەورامی و سۆرانی ؛ ئەگەر نەختێ شتی بێشایەن هەن بەر چاویان نەخـــەین ، کە ئەوانیش وەك ؛ زڕەی دەنگ ، و دەنگە گۆڕکێ (کە وەك بوێ بە باو وایە ، ئەویش بە هۆی بەســـەر چـــوونی دێر زەمانێك بەسەر هەندێ وشەی بێگانەی قەرزکراو یاخود وشەی کوردیی ڕەسەن کە لە زارێکەوە بۆ یەکێکی کە ئـــاڵ و

گۆڕێك كراوە لە قەوارەی ریزكردنی دەنگەكانیدا ) و سوان و قرتاندنی هەندە دەنگێ لە كاتی كۆكردنیدا ... هتد. چونكە ئەم شتانە نەك تەنها لە زارێكەوە بۆ یەكێكی كە روَ دەدەن ، بەڵكو لە هەمان زاردا ، وە وەختی وا هەیە لە هەمان ناوچەدا ( لە دێیەكەوە بۆ دێیەكی كەی نزیك بە یەكتری ) روَ ئەدەن ، بۆ نموونە : لە سولەیمانی دەڵێن : ( صەگ ) بەڵام لە ناوچەی شارەزوَردا بە / : د/ی كلۆر ( گۆی ) دەكەن و دەڵێن /صە : د / ، وە لە ناوچەی ( گەرمیان ) دا بە ( ئاگر ) ، دەڵێن /ئا : در/ ، وە لە هەندێ جێگای تردا دەڵێن ؛ ( ئاویر ) وە لە ناوچەی هەوراماندا پێی دەڵێن ( ئایر ) .. لە سولەیمانی دەڵێن : ( روَخا ) بەڵام لە ناوچەی شارەزوَر دەڵێن ( رمـا ) ، وە بە ( هاتوەتەوە ) دەڵێن : ( هاتگەسۆ ) . .

هەروها لە ( تەویڵە ) ـ ( دێیەكە لە سەر سنووری ئێران ) دەڵێن ( بووەرە ) ، واتـا ( بخۆ ) بەڵام لە ( بیارە ) كە ئەویش دێیەكی تری نزیكی ( تەویڵە ) یە ؛ دەڵێن ( وەرە ) ، وە چەندەها وشەی تری بەم جۆرە دەست ئەكەون .

جا ئەگەر ئەم جۆرە جیاوازییە بێشـایەنانە بدرێنـە قەڵەم و سەر زمێری جیاوازی بكرێن !! ئەی ئەگەر بەراوردی زاری كرمانجی ژوَروَ و زاری سۆرانی بكەن ، ئەو وەختە

چی دەڵێن ؟؟ چونکە هەروەك ئاشکرایە ، زاری کرمانجی زۆرو نەك تەنها لە وشە و وشەسازی و رستەسازیدا جیاوازە لەگەڵ زاری سۆرانیدا ، بەڵکو لە هەندێ دەنگیشا ، واتا لە (زاری کرمانجی زۆرودا ) هەندێ دەنگ هەن کە لە زاری سۆرانیدا نین . (٣١) (٣٢)

ماوێتی

---

(٣١) ئەو دەنگانەش ئەمانەن :

١ ـ دەنگی / ظ / ، وەك :

| سۆرانی | کرمانجی زۆرو |
|---|---|
| زەلام | ظەلام |
| صاف | ظەلال |
| زەبروجەور | ظەبروظۆری |
| ئەزیەتدان | ظەواندن |

٢ ـ دەنگی / ط / وەك :

| سۆرانی | کرمانجی زۆرو |
|---|---|
| تەور | طەفر |
| توور | طفر |
| تاوە | طاوە |

(٣٢) خۆت هەڵگرە بۆ ئەو جیاوازییەی کە هەیە لە نێوان زاری کرمانجی زۆرو و سۆرانیدا کە لە بەشی وشەسازیدا ، دەستی بۆ رادەکێشین .